# ئانانسی و زانایی

Ghanaian folktale
Wiehan de Jager
Agri Afshin
kurdiska (sorani)
nivå 3

(utan bilder)

لە سەردەمانی زوو خەڵك هیچیان نەدەزانی. خەڵك نەیاندەزانی شت بچێنن یان پارچە بچنن یان کەرەستەی ئاسن دروست بکەن. خەڵك باوەڕیان وابوو خودایەك بە ناوی “نیاما” لە ئاسمانە کە هەموو زانایاریەکانی جیهانی لە لایە. ئەو هەموو زانایاریەکانی لەناو گۆزەیەکی گڵدا شاردۆتەوە.

رۆژێکیان نیاما بڕیاری دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی بدات بە ئانانسی.

هەر جارەی کە ئانانسی سەیری گۆزەکەی دەکرد، شتێکی نوێ فێر دەبوو. زۆر سەرنجڕاکێش بوو!

ئانانسی چاوچنۆك بیری کردەووە: “من ئەم گۆزەیە لەسەر دارێک دەشارمەوە کە تەنیا خۆم بتوانم کەڵکی لێ وەربگرم!” ئەو پەتێکی درێژی هێناو لە دەوری گۆزەکەی ئاڵاند و لە کەمەری خۆی بەست و دواتر بەسەر دارەکە هەڵگەڕا، بەڵام زۆر بە سەختی دەیتوانی بە دارەکەدا هەڵگەڕێ، لەبەر ئەوەی هەموو جارێ گۆزەکە بە ئەژنۆی دەکەوت.

کوڕە بچوکەکەی ئانانسی لەژێر دارەکە وەستابوو چاوی لێ دەکرد و گوتی: "ئاسانتر نەبوو کە ئەگەر ئەو گۆزەیەت لە کۆڵت بەستبا؟" ئەوجار ئانانسی هەوڵی دا کە گۆزەی پڕ لە زانایی لە پشتی ببەستێ. لە ڕاستیدا ئاوا زۆر ئاسانتر بوو.

خەریك بوو لەترۆپکی دارەکە نزیك دەبوویەوە، بەڵام دواتر راوەستا و بیری کردەووە: “بڕیار وابوو هەر ئەمن هەموو زاناییەکم هەبێت، بەڵام ئێستا کوڕەکەم لە من ژیرترە!” ئانانسی زۆر توڕە بوو، بۆیە گۆزەکەی لەسەر درارەکەوە فڕێدایە خوارەوە.

گۆزەکە شکا و بوو بە هەزار پارچە. ئەوجار زانایی ئازاد بوو بۆ هەموو کەس کە سوودی لێوەربگرێ. بەم جۆرە بوو کە خەڵك فێربوون زەوی بکێڵن، جلوبەرگ بدوروون و کەرەستەش لە ئاسن دروست بکەن، و هەموو شتەکانی دیکەش کە خەڵك دەزانن چۆن دروستیان بکەن.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## ئانانسی و زانایی

Skriven av: Ghanaian folktale
Illustrerad av: Wiehan de Jager
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 3.0 Internasjonal Lisens.